جیهانێکی
هەمەڕەنگ

جیهانێکی هەمەڕەنگ

De Kleuren Tovenaar

نووسینی
Arnold Lobel
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

Marjo Keizer

وەرگێڕانی لە هۆلەندییەوە بە دەستکارییەوە
فاتمە عومەر ڕێشاوی

پڕۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین و
دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

ناوی کتێب: جیهانێکی هەمەڕەنگ

نووسینی: ئارنۆڵد لۆبێڵ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مارژۆ کەیزێر

وەرگێڕانی: فاتمە عومەر ڕێشاوی

سەرپەرشتی پڕۆژە: **ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتی کاروباری دەزگا: **هەردی زیاد صالح (دەزگای موکریانی)**

تایپ، دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: **وریا بوداغی**

وێنەکان ڕاستەوخۆ لە کتێبی یەکەم گوازراونەتەوە

ژمارەی سپاردن: (٥٠٢)

تیراژ: ١٠٠٠

چاپی یەکەم (٢٠١٠)

نرخ: ٢٠٠٠

چاپخانە: **چاپخانەی موکریانی (هەولێر)**




جارێک لە جاران لە ڕۆژگارێکی زۆر دووردا جیهان سادە و کەم ڕەنگ بوو شتەکان لە نێوان ڕەنگی ڕەش و سپیدا خۆلەمێشی دە چونە وە .



خەلكی وردە وردە بێزاریان تێدا دەردەكەوت بەڵام نەیاندەزانی چی بكەن!!
هەر چۆن بێ لەم لا و لاو دەنگی بێزاری بە هێواشی دەبیسترا.



ئەو جادووگەرەی کە لەو کاتەدا دەژیا، هەموو بەیانییەک لەبەردەم پەنجەرەکەیدا دەوەستا و لەوێوە چاوێکی بە ولاتەکەیدا دەخشاند و لەبەرخۆیەوە دەیووت: ئەم جیهانە لە شتێکی گەورەدا کورتبڕی هەیە. هیچ کاتێ نازانی کەی هەتاو هەلدێ و کەی ئاوا دەبێ. کەی باران دەبێ و کەی ئاسمان ساماڵ دەبێ...



ئەمەی دەوت و بەقادرمە ڕەش وسپیەکانیدا بەرەو ژێرزەمینە ڕەش وسپیەکەیدا دەچووە خوارەوە و لەوێدا خۆی بەجادووکردنەوە خەریک دەکرد. لە وێدا هیچ نەبێ ئەو جیهانە ڕەش و سپیەی لە بیردەچوە و بێزاری خۆی دەردەکرد.

تا ڕۆژێکیان هەموو ئەو ماددە شلانەی کە هەیبوون و جادووی پێدەکردن، تۆزێ لەم و تۆزێ لەوی بەسەر یەکدا کرد و دەستی کرد بە تێکدان و تێکەل کردنیان.



له ناكاو، له بنی قازانه‌كه‌یدا، شله‌یه‌كی زۆرسه‌یر كه ڕه‌نگێكی جیاوازی له جیهانی ده‌ره‌وه هه‌بوو، به‌رچاو كه‌وت .
له خۆشیدا هاواریكرد: ئای چ شتێكی جوانم دروستكرد. ده‌بێ هه‌ر ئێسته زیاتری لێ دروست بكه‌م .



جادووگەرەکە کارەکەی خۆی ئەنجام دا و دەستی کرد بە بۆیەکردنی ماڵەکەی، لەو کاتەدا دراوسێکانی بینیان و لێیان پرسی: ئەمە چییە؟؟ ئەویش بەسەر پەیژەکەیەوە لەسەر ئیشەکەی خۆی بەردەوام بوو و وەڵامی دانەوە: ئەوە پێی دەڵێن (ڕەنگی شین)
ئەوانیش دەستبەجێ دڵیان بەو ڕەنگە کرایەوە و حەزیان لێکرد. وتیان: بە یارمەتیت، دەتوانین بەکاری بهێنین؟؟
جادووگەرەکە وەڵامی دانەوە: بێگومان، هی ترتان بۆ دروست دەکەم تا هەمووتان بتوانن بەکاری بهێن




خەلکی دەستیان کرد بە ڕەنگ کردنی شتەکانیان بەو شێوەیە کاتی شین پەیدا بوو. لە ماوەیەکی زۆر کورتتدا، جیهان ڕەنگی شینی پۆشی .. درەختەکان شین بوون...دەشت و شاخەکان، خواردن، شتومەکی ناومال، جلوبەرگ و بالندە و مەڕو مالات. ئاسمان و ڕووبارەکان ، چەم و دۆلەکان لە شین هەلکێشرابوون.



جادووگەرەکەش بە سواری پاسکیلە شینەکەی دەسووڕایەوە بە چواردەوری ئەو جیهانە لە شین هەلکێشراوەدا، لەبەرخۆیەوە دەیوت: ئەمڕۆ چ ڕۆژێکی خۆشە.. سەیرکەن چەن دلی ئەو خەڵکەم خۆش کرد، بە ڕاستی کارێکی چاکم ئەنجام داوە.



بەڵام هەر ماوەیەکی خایاند، ئەو جیهانە شین و گەورەیە لە ناکاو خۆشی تێدا نەما. کەس نەبوو لەو جیهانەدا دلخۆش بێ . هەموو خەفەت دایگرتن. منالانیاریان نەدەکرد.. دایک و باوکەکان دانیشتوون بە مات ومەلولی سەیری حەوشە و مال و ژوورە شینەکانیان دەکرد،
کەس ئارەزووی هیچی نەما بوو. نەشیاندەزانی چی بکەن.
دراوسێکان چوونەوە لای جادووگەرەکە و پێیان وت :
بەڕێز، ئەم ڕەنگە شینە زۆر خەفەتاوییە. هیچ کەس هەست بە بەختەوەری ناکات ..
ئەویش وتی: ئێوە ڕاست دەکەن، کەس ڕووی خۆش نیە تەنانەت خۆشم ئەوە چەند ڕۆژێکە پێکەنین و زەردەخەنە نەکەوتۆتە سەر دەموچاووم. دەبێ شتێکی تر دروست بکەم

ئەمەی وت و بە قادرمە شینەکانیدا بەرەو ژێرزەمینە شینەکەی چوە خوارەوە و دەستی کردەوە بەکارکردن، تۆزێ لەمە و تۆزێ لەوەی تێکەل دەکرد و تێکی دەدان. لە ناکاو لە بنی قازانەکەیدا شتێکی سەیری بینی کە لەوەی پێشوو نەدەچوو..

جادووگەرەکە دلی خۆش بوو، وتی: ئەمەتا ئەمەیە شتێکی دلخۆشکەر. هەر ئێستا زۆری دەکەم..



جادووگەرەکە دوای ئەوەی کارەکەی ئەنجامدا، دەستی کرد بە بۆیە کردنی پەرژینی مالەکەی. لەو کاتەدا، دراوسێکانی هاتن و پرسیان: ئەمەیان چییە مام جادووگەر؟؟ وەلامی دانەوە: ئەوە من ناووم ناوە ڕەنگی زەرد

دراوسێکان دیسانەوە سەرسام بوون و حەزیان لێکرد وتیان: ئەی ئێمەش دەتوانین بەکاری بهێنین.
ئەویش وتی : ئەی بۆ نا، سبەینێ ئەم کاتە وەرنەوە، هەر کەس بەشی خۆی وەرگرێ




خەلکی دەستیان کرد بە بۆیەکردنی شتەکانیان، بەم شێوەیە کاتی زەرد دەستی پێکرد. لە ماوەیەکی کورتتدا هەموو جیهان زەرد بوو. یەک بست شین بەدەرەوە نەما، درەختەکان زەرد بوون... دەشت و شاخەکان، خواردن، شتومەکی ناومال، جلوبەرگ و بالندە و مەڕو مالات لە زەرد هەڵکێشرابوون.



جادووگەرەکە ئەم جارە، بە ئەسپە زەردەکەی بە دەوری ئەو جیهانە لە زەرد هەلکێشراوەدا دەسووڕایەوە و لەبەر خۆیەوە دەیوت: (چەند لەم ڕۆژە ڕازیم و شوکرانی خوا دەکەم).

خەڵکیش دەستخۆشییان لە جادووگەرەکە دەکرد و سوپاسگوزاری بوون.

هەموو بە خۆشییەوە خەریکی کاروباری خۆیان بوون



بەلام ئەمەش زۆری نەخایاند، ئەو ڕەنگە زەردە هەموویانی توشی ژانەسەر کرد، چاوەکانیان خێل بوون، لەکاتی ڕۆشتندا بەم دیو ئەودیوا دەکەوتن و خۆیان بەیەکتردا دەکێشا.

هەرچیەکیان تاقیکردەوە بۆ ئەوەی چارەیان بکات، هەر بێ سوود بوو.
کەس هۆکاری ئەمەی نەدەزانی .. تا گەنجێکی هۆشیاریان تێدا هەڵکەوت.
وتی:((ئەم ڕەنگە زەردەیە ئێمەی نەخۆش خستوە ، خەریکە کوێرمان دەکات. با بچینەوە بۆ لای کابرای جادووگەر، بەلکو ڕێگە چارەیەکی لا بێ.
ئەوان لەسەرەتادا باوەڕیان پێنەدەکرد و گالتەیان پێدەهات. بەڵام هەرچۆن بوو لە کۆتاییدا، لەگەل ئەو گەنجەدا ڕێکەوتن و چوونە لای کابرا،



بینیان ئەویش لە جێگەکەیدا ڕاکشاوە و خاولێیەکی تەڕی لەسەر و ناوچەوانی داناوە، ئەویش وەکو ئەوان سەری ژانی دەکرد.



کابرای جادووگەر سەرەڕای نەخۆشییەکەی، بەڵێنی دا بە خەڵکەکە کە هەوڵی چارەیەکیان بۆ دەدا.



بۆیە هەرچۆن بوو لە ناو جێگەکەی هەستاو و بە قادرمە زەردەکاندا بۆ ژێرزەمینە زەردەکەی دابەزی. لەوێدا دەستی کردەوە بە تێکەڵکردن و تێکدان.. تۆزێ لەمە و تۆزێ لەوە. ئەمجارەش شتێکی تر کە لەوانی تر نەدەچوو لە بنی قازانەکەیدا دروست بوو.



جادووگەر ئەمجارەش گورج بوویەوە و بە بۆیە کردنی گولە کانی دەستیکرد.
لەو کاتەدا دراوسێکانی گەڕانەوە بۆ لای، بینیان یەکێکی تری بە دەستەوەیە، پرسیان: ئەی ئەمە ناوی چییە؟
ئەویش بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە وتی: ئەمەیان پێی دەڵێن سوور، ڕەنگی سوور
ئەوانیش دیسانەوە داوایان لێکرد کە بەشی ئەوانیش بدات، چونکە زۆریان پێویستە تا لەو حالە ڕزگاریان بێت. جادووگەرەکە دەستبەجێ داواکەی جێبەجێ کردن.



خەلکەکە هەرچیان هەبوو نەبوو، بە سوور ڕەنگیان کرد، یەک بست شین یان زەرد بەدەرەو ە نەما..

بەم شێوەیە، کاتێ جیهانی سوور هاتە کایەوە، لە ماوەیەکی کورتتدا جیهان

بەرگی سووری پۆشی ..

درەختەکان سوور بوون... ئاو وتاڤگە و فوارەکان دەشت و شاخەکان، خواردن، شتومەکی ناومال، جلوبەرگ و باڵندە و مەڕو ماڵات ڕووبار و چەمەکان، لەسوور هەلکێشرابوون.



جادووگەر ئەمجارەیان بە بەلەمە سوورەکەی بە دەوری ئەو جیهانە سوورەدا سووڕایەوە و گۆرانی دەووت و هەلدەپەڕی و سڵاوی لە گەورە و بچووک دەکرد، ئەوانیش بە خۆشی و ڕەزامەندییەوە سڵاوەکەیان بۆ دەسندەوە.



ئەمە هەر ماوەیەکی خایاند، ئەم ڕەنگەش دادی نەیان.
خەلکی تووشی توڕە و هەڵچوون بوون. منالآن هەتا دەهات هەر شەڕیان دەکرد و لەیەکتریان دەدا.
دایک و باوکان هەموو ڕۆژێ شەریان دەبوو.
دراوسێکان بە تووڕەییەوە چوون بۆ جادووگەرەکە و بەردەبارانیان دەکرد و هاواریان کرد بەسەریدا :(ئەم ڕەنگە سوورە شەڕانگێزە، کاری تۆیە. هەر ئێستا ئێرە بە جێ بهێڵە .. ئەگینا بەردە بارانت دەکەین)
جادووگەرەکە هەر چۆن بێ، ماوەیەک خۆی لێیان شاردەوە .



بەلام بە ناچاری دیسانەوە خۆی کردەوە بە ژێرزەمینە سوورەکەیدا. شەو و ڕۆژی خستە سەر یەک هەرچی کتێبی ساڵەکانی تر بوو، سەر لەنوێ پێدا چۆوە، هەرچی هەبوو لە ماددە شلەکان بەکاری هێنا ، هەرچی هێز و ئەقڵی هەبوو خستیە کار، بەڵام ئەوەی دەردەچوو، هەرشین یان زەرد یان سوور بوو.



بەڵام کۆڵی نەدا، هەرتێکی دان هەر تێکیدان، هەتا هەموو قازانگەکانی پڕبوون لەو سێ ڕەنگە. ئەوەندە پڕبوون لێیان دەڕژا. جادووگەرەکە لە ناکاو پەکی کەوت و نەیتوانی لەوە زیاتر ئیش بکات. شین و زەرد و سوور تێکەل بوو بوون . یەک بستی ژێرزەمینەکەی بەدەرەوە نەمابوو هەمووی لەو سێ ڕەنگە هەلکێشرا بوو.لە ناو ڕەنگە کاندا لێیکەوت و سەروگێولاکی خۆی تێنا.. بەلام هەر سەرنجی ڕەنگە تێکەلاوەکانی دەدا..



دوای ئەوەی دەستی لە کار هەلگرت و ماوەیەک پشووی دا، لە ناکاو. شتێک بە خەیالیدا هات: ئەو سێ ڕەنگە هەر جارەو دوانیان تێکەل بەیەک بکات، بەلکو شتێکی تازەی لێدەرچێت!.... دەستی کردوە بە ئیش کردن



ڕەنگی سوور و شینی تێکەڵ کرد. ڕەنگێکی تری لێدروست بوو. ئەویش ڕەنگی مۆر بوو..



ڕەنگی زەرد و شینی تێکەڵ کرد. ڕەنگێکی تری لێدروست بوو. ئەویش ڕەنگی سەوز بوو..



ڕەنگی زەرد و سووری تێکەڵ کرد. ڕەنگێکی تری لێدروست بوو. ئەویش ڕەنگی پرتەقاڵی بوو..



دوای ئەوەی ئەم کارەی ئەنجامدا، چووە دەرەوە و دراوسێکانی کۆکردەوە، ووتی: وەرن بزانن چیم دروست کردوە. دراوسێکانی چاویان بەو هەموو ڕەنگانە کەوت، زۆر سەرسام بوو بوون، هەموویان بەلاوە جوان بوون، وتەنانەت ڕەنگە کۆنەکانیش. بەڵام نەیاندەزانی کامیان لەو ڕەنگانە هەڵبژێرن. جادووگەرەکە هاتە پێشەوە لێیان وتی: ئێوە پێویستان بەهەموو ڕەنگەکان دەبێ، بۆیە دەبێ هەر هەمووی بەکار نهێنن و بیناسن. بۆ هەریەکەشیان ناوێکم داناوە سەوز، مۆر، پرتەقاڵی.





خەڵکی پۆل پۆل دەهاتن ڕەنگەکانیان دەبرد و هەر شتێک بە ڕەنگێک بۆیەیان دەکرد.




هەموو بەیانییەک جادووگەرەکە پەنجەرەکەی دەکردەوە و سەیرێکی دەرەوەی ئەکرد، لە بەر خۆیەوە ئەیکوت: ئەمرۆ چەند رۆژێکی خۆش و جوان و هەمەڕەنگە.



دراوسێکانیش سێوی سوور و مۆزی زەرد و ترێی مۆر و گەڵاو گوڵی سەوز و هەمە ڕەنگیان بۆ دەهێنا و سوپاسیان دەکرد.

سێ ڕەنگی سەرەکی



سێ ڕەنگی ناوەند
کە لە تێکەڵکردنی
دووبەدووی ڕەنگە
سەرەکییەکان درووست
دەبن

